# درامای ( ئـاریـا ) دەروازەیەكی تر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی
# بەرەی تیرۆریزمی ئیسلامی لەگەڵ سكۆلاریزمی كۆمەڵگەی كوردستان !

**تـاهـیـرحـەسـەن**

tahirhassan1@yahoo.com

بۆ وەڵامدانەوە بە خواستی وەزارەتی ئەوقاف بـۆ ڕاگـرتنی پەخشـی درامـای (ئاریـا)، كـە شـەش زنجیرەی لـە كـەناڵی ئاسمانی (كوردسـات) و (تەلەفزیۆنی خاك) ەوە بلاًوببوەوە. ئەمرۆ شەممە ٢٠٠٧/٦/٢٣ (جەلال تاڵەبانی و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمـەد) لـەزاری ڕاوێـژكاری تاڵەبانیـەوە بـۆ كاروبـاری ئـاینی (سـەید ئەحمـەد بـەرزنجی) بڕیـاری ڕاگـرتنی درامـای (ئاریا)، كـە بابـەتی هسـتریكی ووتـاری هـەینی مـەلای زۆرێـك لـە مزگەوتەكان سلێمانی وهەڵەبجە بـوو، بـە وەفـدی مـەلاكان ڕاگەیانـد!. بەهانەیـەك كـە لەپشـتی هسـتریای مـەلاكان و وەزارەتـی ئەوقافەوەیـە ئەوەیە، كە لە درامای ناوبراودا كاراكتەری مەلا زەعیف و ڕەزیل نیشانداراوەو بێ حورمەتی پێكراوە !.

بەداخەوە من یەك زنجیرەشم لە درامای ئاریا نەبینیوەو نایناسم، ئامانجی منیش لە نووسینی ئەم بابەتە هەڵسەنگاندنی دراماكە نیە. بەلاًم ئەوەی كە دەیناسم و زۆر بۆم ئاشنایە وەزارەتی ئەوقافە. ئەوانەی كەمن و ئازادیخوازانی كوردستان دەیانناسین (مەلا عوزێر و مـەلا سـەلمان و مەلا بەشیر) و( لیژنەی باڵای فتوای یەكێتی زانایانی ئاینی) نێو حكومەتەكەی یەكێتی و پارتیە.

ڕووداوی ڕاگرتنی درامای (ئاریا) هیچ پەیوەندیەكی بە ناوەڕۆكی دراماكەوە نیە،ئەمە دەرگیریەكی ترە كە مـەلاكان و ئیسلامیەكان لەگـەڵ كۆمەڵگەی مەدەنی كوردستاندا دەرگیری بوون. ئەم دەرگیریە تازە نیەو دەمێكە هەیە، ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە مێژوویەكی خوێناوی هەیـە لە كوردستان و گۆشەیەكی گرنگی مێژووی هاوچەرخی كۆمەڵگەیـە.بـەپێی قسـەیەك كـە دەرهێنـەرو سیناریسـتی دراماكـە بـۆ كەناڵـەكانی ڕاگەیاندنی ئاشكرا كرد،شكم هەیـە لـەوەی كـە بزانـێ هێرشـی ئـەمجارەی بـەرەی ئیسلامیزم و شـەریعەتی ئیسلامی لـەدەروازەی دراماكـەی ئەوەوە بۆ سەربڕینی مەدەنیەتی كۆمەڵگەی كوردستان دەیـەوێ بێتـە ژوورەوە، كێشـەكە لەسـەر دراماكـەی ئـەو نیـە، بـەڵكو لەسـەر كێشـە پایەییەكانی كۆمەڵگەی كوردستانە. لەسەر كوشتنی نامووسی ژنانە. لەسەر پێشێلكردنی ئازادی سسیاسی وبیروڕایە، لەسەر مافەكانی ژنان و لاوانە، لەسەر پاوانكردنی كۆمەڵگەیە بۆ ئیدیۆلۆژی ئیسلامی و شەریعەتی ئیسلامی، لەسەر بـە ئیسلامیكردنی دەسـتوورێكە كـە دەیانـەوێ بیكەن بە دەستووری هەرێمی كوردستان. بۆیە دەبێ نەهێڵرێت ئەو درامایـە ڕابوەسـتێت و وەك خـۆی و بـەبێ سانسـۆر دەسـت بـە پەخشـی دووبارەی بكرێتەوە.

١٠ ساڵ بەر لەئێستا لە ئاكامی بلاًوبوونەوەی ووتارێكی (ڕێبوار ئەحمەد) لە ژێر ناوی (ئیسلامیەكان پەیامی كۆیلایـەتی و ئیغتیسـابی ژنـان ڕادەگەینن) لە بلاًوكراوەی (بۆپێشەوە) وە، هـەردوو بـەرەی ئیسلامی سیاسـی و كۆمـۆنیزم و سـكۆلاریزمی كۆمەڵگـە بـە توونـدترین شـێوە كەوتنە بەرامبەر یەك. دروست وەكو ئێستا. لەسەرەتاوە مەلای مزگەوتەكان كەوتنـە هانـدان و ژەهـراو ڕشـتن بەسـەر كۆمەڵگـەو ڕابـەرانی بزووتنەوەی ژنان و كۆمۆنیستەكان و فتوادان بە قەتڵیان. (ئەدهەم بارزانی) كە ئەوكات سەرۆكی (حزب الله) بوو، ١٠٠ هەزار دینار پاداشتی لەسەر قەتڵی (ڕێبوار ئەحمەد) داناو ئەم فتوایەی لە ڕۆژنامەی (كەیهان) ی چاپی تارانەوە بلاًو كرایەوە. پاشان مەلاكان چوونەلای یـەكێتی نیشـتیمانی كوردسـتان و داوای ڕاگـرتنی بلاًوكـراوەی (بۆپێشـەوە) یـان كـرد. یـەكێتیش وەك ڕاگـرتنی ئێسـتای درامـای (ئاریـا)، وەڵامـی بـە خواستەكەیان دایەوەو بلاًوكراوەی بۆپێشەوەی لە چاپخانە ڕاگرت. مەلاكان بەمەشەوە نەوەسـتان و وویسـتیان دوای نوێـژی هـەینی خـەڵكی هانبدەن و بیانهێننە سەر بارەگای حـزب و بیسـوتێنن. بـەلاًم كاتێـك نـەیانتوانی كـەمترین ژمـارە لـە خـەڵك خـەڵخرێنن و بینیـان بەشێكی ئیجگار زۆرلە ئازادیخوازانی شاری سلێمانی كەوتنە پشتیوانی لە حزبی كۆمۆنیسـتی كرێكـاریی عێـراق و ئـازادی ڕادەربـڕین، هاوكـات كاتێـك ڕاوەستاوی و ئارایشی سەربازی حزبیان بۆ وەڵامدانەوەی ددانشكێنی هەرجۆرە هێرشێكی تیرۆریستی ئەوان بەچاوی خۆیان بینی، مـەلاكان و فتواچیانی تیرۆریستی ئیسلامی لە جێگای خۆیان دانیشتنەوە.

ئـەو كـات ئـەو ووتـارەی ڕێبـوار ئەحمـەد بـووە سـەنتەری ڕووبەڕووبوونـەوەی دوو بـەرەی كۆمەڵایـەتی، لەسـەر ئـازادی سیاسـی و بـیروڕا و قەڵەم،لەسەر یەكسانی ژن و پیاو، لەسـەر دەسـتكۆتاكردنی دیـن لەسـەر ژیـانی كۆمەڵگـە. ئەگـەر ئـەو وەڵامـە ددانشـكێنەی حـزب و بـەرەی ئازادیخوازی كۆمەڵگە نەبوایەو فتوای مەلاكان بچوایەتە سـەر، بـۆ ڕۆژی دواتـر هـیچ ژنێـك نەیـدەتوانی بـە بـێ لەچـك بچێتەدەرەوە، هـیچ قەڵەمێك نوكی نەدەبوو ڕەخنە لە بیروباوەڕو سوونـنەتی كۆنەپەرستانە و دواكەوتوانەی شەریعەت و دین بگرێت.

ئەمرۆ هەمان سیناریۆ، بەلاًم ئـەمجارە لـەژێر پـەردەی درامـای (ئاریـا) دا خەریكـە دووبـارە دەبێتـەوە. ئـەمجارەش یـەكێتی نیشـتیمانی وەك سیاسەتی كۆنەپەرستانەی هەمیشەیی و لەپێناو دڵ ڕازیكردنـی مشـتێك مـەلای كۆنەپەرسـت و مفتـەخۆر و تەمـەڵ و تـەوەزل و فتواچـی و شمشێر بە دەستدا، پشتی كردەوە سەدان هەزار خێزان لە دەرەوەو ناوەوەی كوردستان كە تەماشاكەری درامای (ئاریا) بوون.

بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی بەهانەی درامای (ئاریا) تەنیا دەروازەیەکە بۆ کوشتنی دەنگی یەکسانی ژن و پیاو، دەنگی ڕادیکالیزم و سکۆلاریزمی کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان، نەك هیچ شتێکی تر.
ئێوە تەماشاکەن، لەدوای بڵاوبونەوەی نمایشی وەحشیانەی بەردەبارانکردنی دوعای ١٧ساڵە، جموجۆڵێکی فراوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستانی داگرتووە ، پرسی مەسەلەی کوشتنی بەلێشاوی ژنان لە کوردستان، نەك هەر بەتەنیا جالیەی کوردیشی لە دەرەوە هەژاندووە، بەڵکو مەسەلەی کوشتنی ژنان خەریکە لە ئاستێکی نێو دەوڵەتیدا دەبێتە مەسەلەیەکی گەرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی. هەر ئەمەشە دەسەڵاتدارانی کوردستانی نارەحەت کردووە.
ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕیکخراوە جۆراوجۆرەکانی ژنان و لاوان، ڕۆژنامەکان و ڕۆشنبیران و دامەزراوە جۆراوجۆرە ناحکومیەکان لە کوردستان، هەموو خەریکن لەبەرامبەر ئەنفالی ژنانی کوردستان بەشێوازی جۆراوجۆر دێنە قسەو هەڵوێستە گرتن. لەم ڕەوەندەدا جێگاو ڕێگای دین و شەریعەتی ئیسلامی لە قانوون و دەسەڵاتدا، وەك فاکتەرێکی سەرەکی لە بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ڕەشەکوژی ژناندا دەست نیشانکراوەو دەنگی نارەزایەتی لە ئاستیدا بەرزبووەتەوە. لەم کاتەدایە کە درامای (ئاریا) بڵاو دەبێتەوە. بزووتنەوەی ئیسلامی و دەستەوتاقمە چەقۆکێشەکانیان و گەرووی زەهراوی مەلاکانیان دەیانەوێ لە ڕێگای ڕاگرتنی پەخشی ئەو درامایەوە، پاشەکشە بەو دەنگە بکەن کە لەدژی ڕەشەکوژی ژنان بەرزبۆتەوەو خوازیاری جیاکردنەوەی دین لە قانوون و دادگاو یاسا و خوێندنە. لەم هێرشەی ئیسلامیەکاندا یەکێتی نیشتیمانی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدایە. ئەوەی کە (مەسعودبارزانی) لە کۆبوونەکەی شاری دهۆکدا ڕای گەیاند کە(ئێمە بەرەلایی قبووڵ ناکەین) ، پێدانی چرای سەوزە بە ئیسلامی سیاسی و وەزارەتی ئەوقافەکەیان کە ئەم هێرشە لە دەروازەی درامای (ئاریا) وە بۆسەر نارەزایەتی خەڵکی کوردستان لە دژی ڕەشەکوژی ژنان بکەن.
لایەنگری سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی لە فتوای مەلاکان و ڕاگرتنی پەخشی درامای (ئاریا) ، بەکردەوە لایەنگری سیاسەت و بەرنامەی ئەو دوو حزبەیە لە تیرۆریزمی ئیسلامی و گەلە مەلای فتواچی. ئەو مەلایانەی کە دوو دەهە لەمەپێش (عبدالخالق معروف) یان تیرۆر کرد. ئەو مەلایانەی کە تا دوێنێ لەوەزارەتی ئەوقافی ڕژێمی کیمیابارانی بەعس پارەیان وەردەگرت و شەوو ڕۆژ دوعاو نزایان بۆ سەلامەتی گیانی سەدام حسێن و ڕژێمەکەی دەکرد. ئەوانەی کە لە(منع التجول) ەکانی هەشتاکاندا، هەر لەم بڵندگۆیانەی ئەمڕۆوە، کە ئێستا فتوای تووندو تیژی لە دژی ژنان دەدەن، دەیان شیڕاند کە خەڵکینە ڕژێم باوکی میللەتە و وادێت بۆ ماڵەکانتان و کۆڕە هەڵهاتووەکانتان لە سەربازی مەشارنەوەو تەسلیمیان بکەن!. ئەگەر یەکێتی نیشتیمانی بە کەمترین پرەنسیپی دیموکراسی و تەنانەت ئەخلاقیەوە پابەند بوایە، دەبوو لانی کەم لە نێو خەڵکیدا نموونەیەکی چەند سەد کەسی لە خەڵکی جۆراوجۆر وەك ڕاپرسیەك وەربگرتایە، تا بیزانیایە خەڵکی چیان پێخۆشەو چەندێك بیروڕاو میزاج و حەزیان لەگەڵ مەلاکاندا نزیکایەتی هەیە.
مەسەلەیەکی تر کە وەك بیرهێنانەوەیەك پێم خۆشە باسی بکەم، ئەوەیش ئەوەیە کە بەهانەی مەلاکان لە درامای (ئاریا) ئەوەیە کە گوایە لە درامای ناوبراودا شەخیەتی مەلا شکێنراوەو بەسووك نیشاندراوە. هەرچەندە دەرهێنەری دراماکە(هادی مەهدی) بە داخەوە بۆ ڕازیکردنی دڵی مەلاکان دەڵێ، ئەوەی تا شەشەم ئەڵقەی دراماکە لە بەرگی مەلادا دەردەکەوێت، مەلای ڕاستەقینە نیە، ئەگەر مەلاکان سەبریان بکردایە، لە کۆتایی دراماکەدا مەلایەکی ڕاستەقینە و پیاوچاك دێت . وادیارە کاکی دەرهێنەرو نووسەری دراماکەش ئەو میتۆدە هەڵەیە لەسەر بیرکردنەوەیان سەنگینی دەکات، کەدەسەلاتدارانی کوردستان ئیسلامی سیاسیان بە چاك و خراپ، ڕەسەن و نارەسەن پۆلێن کردووە.
با بێینە سەر شەخسیەتی مەلا. من نازانم مەلا چ شەخسیەتێکی هەیە تا سووك بکرێت؟!. مەلا چ شتێکی لە ئینسانیەت و ئیحتیرام هەیە تا بکرێت لەکەدار بکرێت؟!. مەلا خۆی لەکەو پەڵەیەکی ناشیرین و قێزەوونەو دەبێ لە جەستەی کۆمەڵگە پاك بکرێتەوە. مەلایەتی کە ئێستا وەکو کار تەماشا دەکرێت، دەبێ لەکۆمەڵگەدا بسرێتەوەو خاوەنەکانی ئەم سنعاتە بچن گۆشەیەك لە ژیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بگرنە دەست و جێگا دەستێکیان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا دیار بێت. مەلایەتی کار نیە!.
بەشایەتی زیاتر لە٥٠٪ی سەرمایەی نیشتیمانی نوکتەی کوردی لە ٥٠ساڵی ڕابردوودا.مەلا جێگای گاڵتەجاڕی و نوکتەبازی لاوانی کوڕو کچی کوردستانبووەو هەیە. هەزار جار یادیان بەخێر زیاتر لە سێ لەسەر چواری کاسێتی نوکتەکانی (فەریقە کوێر و بلەی سەعە کەڕ) کە لە دەهەی هەفتادا بە لێشاو لە نێو ماڵەکاندا بە پیرو گەنج و ژن و پیاو گوێیان لێ دەگرت، لەسەر ساختە چێتی و دووڕوویی و چەند ژنەیی و نەوسنی مەلا و دەروێش و شێخ و مشایەخ بوو. کەچی نەك هەر هیچ کەسێك لە خەڵکی کوردستان ناڕازی نەبوو، بەڵکو ئەو کەسانەیان خۆش دەویست و ڕێزیان لێ دەگرتن و دەست بە دەست و دەم بە دەم کاسێتەکانیان و قسەخۆشەکانیان دەگواستەوەو دەگێڕایەوە!. تۆ بڵێی دوای نزیکەی چل ساڵ و لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ئاستی فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو دوواوە چووبێت؟!.

بۆیه ئەم هێرش و هستریایەی مەلاکان و دەستەوتاقمی پشتی پەردەیان، هێرشێکی سیاسی ئیسلامی سیاسیە بۆ سەر مەدەنیەتی کۆمەڵگەو ئازادی بیروڕاو بەیان و عەقیدە و قەڵەم. ئەمە هەوڵێکە بۆ پاوانکردنی کۆمەڵگە بۆ ئیدیۆلۆژی و شەریعەتی پڕتووکاوی ئیسلامی، هەوڵێکە بۆ چەرخاندنی بەردەوامی ئاشی کوشتنی ژنان و لە گۆڕنانی سکۆلاریزمی کۆمەڵگەو دەبێ وەڵامی ددانشکێنیان پێ بدرێتەوەو لە جێگای خۆیان دابنرێنەوە. نابێ بهێڵین ئەم هێرشە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا تێبپەڕێ. دانانەوەی مەلاکان لە جێگای خۆیان و دەمکوتکردنیان کە جارێکی تر لە مەسەلەی هونەری و فەرهەنگی و ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتیدا دەخاڵەت نەکەن، ئەرك و وەزیفەی بێ درێغی هەر هەموومانە. دەبێ هەمووومان تێبکۆشین و بەهەر شێویەك کە بۆمان دەکرێت، هەوڵ بدەین کە زنجیرە درامای (ئاریا) وەك خۆی و بەبێ سانسۆر دووبارە پەخش بکرێتەوە. دڵنیام لەم ڕێگایەدا بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان لە دەرەوەەو ناوەوە لەگەڵماندا دەبن.

٢٥ حوزەیرانی ٢٠٠٧